کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# زانکۆکانی کوردستان لە نێوان مەعریفە و مامۆستای عەرەبدا

عەلی کوردستانی
alikurdustani@yahoo.com

سەرەتا ئەوەی کە وای لێکردم ئەم چەند رستەیەی خوارەوە بنوسم ئەو کۆمپانیا وەهمیەیە کە توانیان کۆمەڵی مامۆستای زانکۆ هەڵبخڵەتێنن بە بەهانەی ئەوەی گوایە ئۆتۆمبیلیان بۆ ئەهێنن بە قیست.  ئەو مامۆستای زانکۆیەی کە نوسینەکەی لە کورستاننێتدا بڵاوکردۆتەوەو خۆی و هەندێ لە هاوپیشەکانی بە ساویلکە ناو ئەبات کە وا بڕوایان بە کۆمپانیایەکی وەهمی کردوە و ئێستاش شینی ئەو پارە فەوتاوە ئەکەن... جا ئایا حکومەتی هەرێم ئەتوانێ ئەو پارەیە بگەڕێنێتەوە بۆیان  یان هەر شوێن کڵاوی با بردوو کەوتوون؟؟؟ بزانین داهاتوو چیمان پێ ئەڵێ !!!!

جا لێرەوە لە ساویلکەیی هەندێ لە مامۆستایانی زانکۆوە ئەگوازمەوە بۆ ساویلەکەییی و بێئاگایی تەواوی وەزارەتی خوێندنی باڵا لەهەندێ گرفت کە لەوانەیە برادەرانی وەزارەت هەر گاڵتەشیان بەم شتانە بێت...

شتێکی سەیر نەبێ لاتان ئەم بەهارە مانگی چوار کە گەڕامەوە سلێمانی یەکێک لەو شوێنانەی کە زۆر تامەزرۆی بینینی بووم زانکۆی سلێمانی بوو، ئەو زانکۆییەی کە ساڵانێک بوو کرابووە  لانکەی کوردایەتی ، سەرچاوەی هەڵقوڵانی بیری نوێ، قوتابخانەی پەروەردەکردنی نەوەی دروستی داهاتوو.

بەڵام بە داخەوە، کاتێک کە لە پرسگە چوومە ژوورەوە وام هەست ئەکرد لە زانکۆی موسل و موستەنسریەم، کۆمەڵێک مامۆستا بە عەرەبی و بە دەنگە بەرزەکانیان قسەیان ئەکرد ، وە هەر لەویادا خۆم دڵخۆشی خۆمم یایەوە وتم زۆر ئاساییە لەوانیە تەنها کۆمەڵێک مامۆستای قوربانیی دەستی ڕژێمی ڕووخاو بن وە ئیمکانیاتی زانستیشییان بەرزە با لێرە خزمەت بە قوتابیانی کورد بکەن وە ئەم هەستەشم بە هاوڕێکەم ووت ، خۆشبەختانە ئەو هاوڕێیەم کە لەگەڵم

بوو زۆر مامۆستاکانی زانکۆی سلێمانی باش ئەناسی ووتی( قوربانیی چی!! تۆ باسی چی ئەکەی؟! ، ئەوانە زۆرینەیان بەعسی بوون!!). بە هاوڕێکەمم ووت لەوانیە تۆ ڕقت لێیان بێ وە لەوانیە خۆیان وا نەبن. هەر چۆنێک بوو بە هۆی کۆمەڵێ ناسراوی ترمەوە ئەوەم زانی کە هەندێ لەو عەرەبانە، بە داخەوە بە زاراوەی شیمال عیراق قسەئەکەن. منیش ووتم چەندێ سەیرە لەناو کوردستاندا و لەم وەها بارودۆخەیا تا ئێستاش کورد ئەوەندە هەیبەت و کێشی نیە تا ئەوانە هەر هیچ نەبێ جورئەتی ئەوە نەکەن کە ئەوەنە بە سوک لە هەرێمەکەمان بڕوانن.

لەوەش سەیر تر ئەوە بوو کە زۆرینەی مامۆستاکان و قوتابیانی زانکۆی سلێمانی داد و بێدادیان هەبوو لە دەست کەمتەرخەمی مامۆستا عەرەبەکان، وە هەموویان باسیان لە ئیهمالیان ئەکرد. بە شیوەیەک هەندێ خۆێندکاری جیدی ئەیانووت هیچ شتێکمان فێرناکەن تەنها پەلەی وەرگرتنی پارەی موحازەرەکەیانە و پاشانیش بۆ ئیمتیحانات بە ئارەزووی خۆیان نمرە ئەیەن بە قوتابیان، ئەگەر مەبەستیان بێ ئەیانخەن و ئەگەریش نا هەر لە خۆیانەوە دەریانئەچێنن، کە هەردوکیان هەر مەترسیدارە. هەندێک باسیان لەوە ئەکرد کە هەندێ لەو مامۆستا عەرەبە پیاوانە پەیوەندی و عیلاقەی نادروست ئەگرن لەگەڵ قوتابییە کچەکاندا ، کە ئەمەش لەڕاستیدا پەیوەندیەکی ناتەندروستە و نابێ بەڕێوەبەرانی زانکۆ قبووڵی ئەو حاڵەتانە بکات( تەنانەت ئەگەر هەردوولا ڕازی ببن بەوجۆرە پەیوەندییە ئەوا پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتابی نابێت پەیوەندی خۆشەویستی و سێکسی لەخۆ بگرێ).

خاڵێکی تر کە هەندێکی تر باسیان ئەکرد ئەوەبوو کە ئەو مامۆستایانە بە عەرەبی وانە ئەڵێنەوە و زۆرینەی قوتابیانیش عەرەبی نازانن و ئەوەش بووەتە کێشە بۆیان، چونکە نەوەی ئێستا لە عەربیدا لاوازە ، ئەوەی جێگای پرسیارە لێرەیا ئەوەیە ئایا زمانی عەرەبی زمانی عیلم و مەعریفەتە؟؟؟ ئایا بوونی چەند سەرچاوەیەکی کۆن و ئێکسپایەر و پڕ هەڵە ئەبێتە عوزر بۆ خۆێندن بە عەرەبی تەنانەت لە بواری زانستە ئینسانییەکانیشدا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە خۆێندن بە عەرەبی لە بواری زانستە سروشتییەکاندا جۆرێکە لە کوفری زانستی. تەنانەت لە زۆرێک لە وولاتانی عەرەبیشدا وازیان لە خۆێندن بە زمانەکەیان هێناوەو نەوەکانیان فێری ئینگلیزی دەکەن وە

خۆێندن بە ئینگلیزی بووەتە مەنهەج، بەڵام لە زانکۆکانی خۆماندا لەبەر خاتری عەرەبەکان ئەبێ زمانی عەرەبی بخرێتە پێش زمانی ئینگلیزیشەوە!!.

بەڕاستی کارەساتە... زانکۆکانی کوردستان پڕبوون لە مامۆستای عەرەب، پڕبوون لە کۆنە بەعسی، کۆمەڵیک بازرگان، مامۆستایانێک کە بابەتەکە بە دڵ ناڵێنەوەو هەر هەلێئەپروزکێنن، هەر کات ئەکوژن و خەمیان لای ئاستی قوتابیان نییە، ئەمە چۆن سیستمێکە!! ئەمە چۆن دەزگایەکە کار ئەکا لە زانکۆی سلێمانی و سەلاحەدین؟!. ئایا نەوەکان چ دڵێک خۆشبکەن بەم زانکۆیانەیە کە ئەم جۆرە مامۆستایانە بەڕێوەی ببا؟؟

ئایا ژمارە و چۆنییەتی ئەو توێژینەوانەی کە لە زانکۆکانی کوردستاندا ئەکرێ لە چ ئاستێکدایە، ئایا ئەو مامۆستا عەرەبانە چ کاریگەرییەکیان کردووەتە سەر ئاستی لێکۆڵینەوە زانستیەکان؟؟ من دوور و نزیک ئاگادارم کە لەڕووی لێکۆڵینەوەشەوە زانکۆکانی کوردستان بێبەرهەمن و حاڵی ئەوان وەک حاڵی هەرێمەکەمان وایە لەڕووی بەرهەم هێنانەوە ....بەڕاستی حەیفە، کارەساتە، کە نەوەی داهاتووی کورد ئەو باجە ئەیات ..

پرسیارێك کە هەبێت ئەوەیە ئایا کورد کادیری زانستی پیشکەوتووی نییە؟؟؟ ئایا ئێمەی کورد پسپۆرمان نییە لە سەرجەم بوارە جیا جیا کانی زانستدا؟؟؟ قەت باوەڕناکەم ئەگەر بڵێن نا..چونکە پێم وایە کۆمەڵێکی زۆر پرۆفیسۆر و هەلگری بڕوانامەی بەرز بەرزمان هەیە لە دەرەوەی کوردستان و ئامادەییشیان هەیە بۆ گەڕانەوە، بەڵام دیارە زانکۆکانی کوردستان خزمەتی عەربی پێباشترە تا ئەو کەسانەی کە بە دڵ ئەیانەوێ خزمەت بە نەوەکانی داهاتوومان بکەن.

وابزانم کۆمپانیا وەهمیەکە گەر توانیبێتی پارەی هەندێ مامۆستا ببات ئەوا کۆمپانیا و پرۆسەی تەعریب لە تازەترین فۆرمدا ئەیانەوێت سامانی نەتەوەیەک بدزن، نەوەیەک بە سەقەتی و کەم مەعریفەیی دروستبکەن. من ناڵێم ئەمە پرۆسەیەکی تەعریبی بەرنامەڕیژکراوە، بەڵام سەرۆکی زانکۆکان نابێ بوار بەو حاڵەتانە بەن ئەگینا بەر پرسیار ئەبن بەرامبەر بە مێژوو،

وابزانم ئەمەی دووهەمیان زۆر ترسناکترە لەوەی تر، بەڵام کەس لە ماMۆستاکانی زانکۆ لەسەر ئەوەی دووەم نادوێن؟؟؟!!!!

لە کۆتاییدا ئەو پرسیارەی کە ئەبێت قوتابیانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ئاراستەی وەزیری بکەن ئەوەیە کە پێکەوە ڕووبکەنە وەزیری خوێندنی باڵاو بڵێن چییتر داهاتوومان مەسوتێنن بەو ماMۆستا عەرەبانە...

2007-05- 29

ئەمریکا